بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٧٧) چاپی یەکەم سالّی حەوتەم ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٧ ز (٣٠) ی گەلاڕێزان ٢٧٠٧ کوردی (١١) ی ذوالقعدة ١٤٢٨ کۆچی


## لەم ژمارەیەدا :

77


✵ **یاسای ژمارە( ٢٤ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل١
یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە ژمارە (٢٦) ی سالّی ١٩٦٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✵ **یاسای ژمارە( ٢٥ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٥
یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە(١٦٢)ی سالّی (١٩٥٩) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✵ **یاسای ژمارە( ٢٦ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٩
یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(١١٣)ی سالّی (١٩٨٢)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

✵ **یاسای ژمارە( ٢٧ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل١٦
یاسای هەموارکردنی سێ یەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە (٤)ی سالّی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

✵ **یاسای ژمارە( ٢٨ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٢٠
یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی) ژمارە (٢١) ی سالّی ١٩٩٧ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✵ **یاسای ژمارە( ٢٩ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٢٣
یاسای جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی (فیدراڵی) ژمارە (٥١) ی سالّی ٢٠٠٠ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✵ **یاسای ژمارە( ٣٠ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٢٦
یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن (کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ ) پێش هاوسەرگیریی.

✵ **یاسای ژمارە( ٣٢ )ی سالّی ٢٠٠٧** ل٢٩
یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە (٩٠) ی سالّی ١٩٧٥.

✵ **بەیانی وەزارەتی شارەوانی** ل٣٢
تایبەت بە کردنەوەی شارەوانی( **گاپلیێن** )لە ناحیەی ( **گاپلیێن** ).

✵ **ڕێنمایی ژمارە (٣) سالّی ٢٠٠٧ وەزارەتی کشتوکاڵ** ل٣٣
تایبەت بە مۆڵەت پێدانی کاتی بە دروست کردنی ڕەزوو .


نرخی ( ٧٥٠ ) دینارە


http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر بالّەخانەی وەزارەتی داد.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٧٧) الطبعة الاولى السنة السابعة ٢٥ / ١٢ /٢٠٠٧م (٣٠) گەلاڕێزان ٢٧٠٧ كوردى (١١) ذوالقعدة ١٤٢٨هجرية

## في هذا العدد :


**قانون رقم (٢٤) لسنة ٢٠٠٧** ص٣٧

قانون تعديل تطبيق قانون ضريبة العرصات رقم ٢٦ لسنة ١٩٦٢ المعدل لاقليم كوردستان ـ العراق.

**قانون رقم (٢٥) لسنة ٢٠٠٧** ص٤٠

قانون تعديل تطبيق قانون ضريبة العقار رقم ١٦٢ لسنة ١٩٥٩ المعدل في إقليم كوردستان ـ العراق.

**قانون رقم (٢٦) لسنة ٢٠٠٧** ص٤٣

قانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ المعدل في اقليم كوردستان ـ العراق .

**قانون رقم (٢٧ ) لسنة ٢٠٠٧** ص٥٠

قانون التعديل الثالث لقانون وزارة التربية رقم (٤) لسنة ١٩٩٢ المعدل.

**قانون رقم ( ٢٨ ) لسنة ٢٠٠٧** ص٥٣

قانون إنفاذ قانون الشركات (الإتحادي) رقم (٢١) لسنة ١٩٩٧ المعدل في اقليم كوردستان ـ العراق.


سعر (٧٥٠) دينار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

العنوان : اربيل بنايه وزاره العدل
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بـــەنــاوی گــەلــەوە**
**بـــــرپـیــــــار**
**ژمارە ( ٣١ ) ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە**
**ژمارە ( ٢٦ ) ی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە و، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە(١١) لە٢٠٠٧/١٠/٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ٢٤ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە
## ژمارە (٢٦) ی ساڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

١- کارکردن بە بڕگەی ( ١ / أ ) لە ماددەی (٤)لە یاسای زەوی عەرەسەی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٦٢ دەوەستێنرێ.

٢- کارکردن بە بـڕیـاری ژمارە (٩٩) ی ساڵی ١٩٧٤ دەوەستێنرێ.

٣- کارکردن بە بـڕیـاری ژمارە (٤٨٣)ی ساڵی ١٩٨١ دەوەستێنرێ.

٤- کـارکردن بـە بـــڕگەکانی بـڕیـــاری (٢٢٢) ی ساڵی ١٩٧٧ ، سـەبارەت بـە بـاجی زێـدە دەوەستێنرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

( لێ بوردنی عەرەسەیەك یا زیاتر لە باجی بنەڕەتی بۆ هەرکەسێکی لەسەریەتی بیدات کە رووبەرەکەی یان بەشی شایعی (الحصة الشائعة) لە (٦٠٠م²) زیاتر نەبێ و باجەکەی لە زیادەکە وەردەگیرێ و خاوەن زەوی عەرەسەکە بۆی هەیە ئەو زەوی یە یان ئەو بەشەی کە دەیەوێ لێ بوردنەکە بیگرێتەوە دەستنیشان بکات).

**ماددەی دووەم:**

ئەو زەوییانەی، کە لەناو سنووری شارەوانییەکان بەرامبەر کوژاندنەوە و جوداکردنەوە ، تەرخان یا بە موڵك دەکرێن و دەگوڕدرێن لە باجی زەوی عەرەسە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبوردرێن لە رۆژی تۆمارکردنیانەوە بە ناوی خاوەنەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەری پەیوەندیدار.

**ماددەی سێیەم:**

میراتگرانی شەهید لە باجی عەرەسە لەو پارچەیەی کە بۆیان تەرخان کراوە بەو سیفەتە دەبوردرێن دوای پیشاندانی ئەو بەڵگەیەی کە ئەمە دەسەلمێنی لە لایەنێکی فەرمی تایبەت، جگەلە مافی لێبوردنی دیکەیان کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم، بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە یاساو بڕیارە کارپێکراوەکانی باج دەکرێ، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی ٢٠٠٨/١/١ دا جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٢٤/گەلاڕێزان/ ٢٧٠٧ كـــوردی
١٥/تشرینی دووەم / ٢٠٠٧ زایـــینی
٥ / ذو القعدة / ١٤٢٨ كـــۆچـــی

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## - هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -

بەمەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکارییە ئابوورییە تایبەتەکان بە وەبەرهێنان و ئابووری بازاڕ و هاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی دادوەریی و سووک کردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتییان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـاوی گـەلـەوە
## بـــڕیـــــار
## ژمارە ( ٣٢ ) ساڵی ٢٠٠٧

**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی**
**ژمارە١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە و، بە پاڵپشتی ئەو یاساکاری یەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٢) لە (٢٠٠٧/١٠/١٧ ) بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە( ٢٥ )ی ساڵی ٢٠٠٧
# یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی خانووبەرەی
# ژمارە١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** کارکردن بە ماددەی (٢) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩ دەوەستێنری و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١- ڕێژەی (١٠٪) لە دەستکەوتی ساڵانەی هەر خانووبەرەیەك وەك خەرجی پاراستن وچاککردنەوە پێش حیسیب کردنی باجەکە دادەشکێنرێ .

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢- بـاجێکی سـەرەکی کـە چـەندییەکەی (١٠٪ ) یـە لـە دەسـتکەوتی سـاڵانەی هـەموو خانووبەرەکان فەرز دەکرێ و وەردەگیرێ دوای داشکاندنی ئەوەی لە بڕگە(١)ی سەرەوەدا هاتووە.

دووەم: بڕگەیـەك دەخرێتـە پاڵ مـاددە(٤) لـە یاسـای بـاجی خانووبـەرەی ژمـارە(١٦٢)ی سـاڵی ١٩٥٩، بڕگەی (٣) دووبارە:

(٣)دووبارە- تـەلاری نیشتەجێ بوون و بـازرگـانی کە بە زیاتر لە سێ نـهـۆم دروست دەکرێن جگە لە (ژێرزەمین) لە بـاجـی سـەرەکـی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مێژووی تەواوبوونی دروستکـردنیەوە کە لـێژنەی خـەملاندن دایـدەنێ دەبـوردرێن.

**ماددەی دووەم:**

کارکردن بە ماددە (١١) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو دەوەستێنرێ و ئەمەی خوارەوەی لەجێ دادەنرێ:

ماددەی(١١): ئەگەر خانووبەرەکە لە نێوان دووکەس یا زیاتر بوو، ئەمەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ: هـەر هاوبەشێك بەرپرسە لـە دانـی باج لـە بەشـە ئاشکراکەی خۆی، بەمەرجێك بە زنجیرەیەکی تایبەت بەخۆی تۆمارکرا بێ.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی (١) لەبڕیاری (٥٢٠)ی ساڵی ١٩٨٧ بەم شێوەیە هەمواردەکرێ:

بڕگە(١): خانوویـەکی نیشتەجی بوون یـان شـوققەیەکی نیشتەجی بوون کـە هـەر یـەك لـەباوك یـاخود ڕۆڵـەکانی خـاوەن خـانوو بـەکاریان هێنـابێ لـە بـاجی خانووبـەرە دەبـوردرێن، بەمەرجێك ئەوەی لێی دانیشتووە خـانوو یا شـوققەی نیشتەجێ بوونی بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەبێت.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبـەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/١ دا جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنـامەی فـەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**

٢٤/گـەلاڕێزان/ ٢٧٠٧ کــوردی
١٥/تـشرینی دووە م / ٢٠٠٧ زایینی
٥ /ذو القـعدة / ١٤٢٨ کــۆچی

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

### - هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -

بەمەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکارییە ئابوورییە تایبەتەکان بە وەبەرهێنان و ئابووری بازاڕ و هاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی داد پەروەریی و سووك کردنی بارگرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتیان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـاوی گـەلـەوە
## بـــڕیـــــار
## ژمارە ( ٣٣ ) ساڵی ٢٠٠٧

**یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی**
**ژمارە ( ١١٣ ) ی ساڵی ( ١٩٨٢ )ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کـــــــوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٤) لە٢٠٠٧/١٠/٢٢ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یـــاسـای ژمـــارە( ٢٦ )ی سـاڵـــی ٢٠٠٧
## یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی دەرامەتی
## ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** کارکردن بەبڕگە (١٠/ج) لە ماددە (١)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ.

**دووەم:** دەستەواژەی (لەغەیری وڵاتە عەرەبیەکان) لە بڕگە (١٠/د) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو لادەبرێ.

**سێیەم:** ئەم بڕگەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر ماددە (١) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو و دەبێتە بڕگە (١٠/ج) بۆی:.

**بڕگە(١٠/ج):** ئەو هاووڵاتییانەی لە ڕۆڵەکانی هەرێمی کوردستانن و لە دەرەوەی عیراق نیشتەجێن ، وەك نیشتەجێكان بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئە م یاسایە حسێب دەکرێن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** كاركردن بە بڕگە (٤)ی مادده (٢) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەمواركراو ڕادەگیرێ.

**دووەم:** كاركردن بە بڕگە(٢) لە بڕیاری ژمارە (٥٢٠)ی ساڵی ١٩٨٧ ڕادەگیرێ.

**سێیەم:** كاركردن بە بڕگە (٢٠)ی مادده (٧)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەمواركراو ڕادەگیرێ.

**چوارەم:** بڕیـــــاری ژمارە (٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**پێنجەم:** مادده (٢) لە بڕیاری ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**شەشەم:** مادده (٣) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**حەوتەم:** مادده (٤) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**هەشتەم:** ئەمەی خوارەوە دەخرێتە پاڵ مادده (٢) و دەبێتە بڕگە(٤) و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:.

١- باجێك بەرێـژەی بەرزبوونـەوە لـە نرخـی خانووبـەرە كـە فـەرز دەكـرێ یـان مـافی بـەكارهێنانی خەملێنـدرابێت بـە پێـی حوكمـەكانی یاسـای ژمـارە (٨٥)ی سـاڵی ١٩٧٨ی خەملاندنی بـەهای خانووبـەرە و قازانجـەكانی یـان بەدەڵەكـەی و كامیـان بەســەر خـاوەن موڵـك پـتر دەوەسـتێ یـان خاوەنی مافی دەسكاری كردنیەتی بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی گواستنەوەی موڵكایـەتی یـاخود چنگ كەوتنی مافی دەسكاری كردنیان یان گواستنەوەی وەك (فرۆشتن و گۆڕینەوە و ڕێككـەوتن و دەسـت هـەڵگرتن وبەخـشین و لابردنـی كۆیەشـی و پـاكۆكردنی وەقـف یـاخود بانـەوانی) و مامەڵە لەگـەڵ كرێـچی وەك خـاوەن موڵـك دەكـرێ لـە كـاتی بـەكرێ گـرتنی خـانوو كـە كەوتووەتـە بەردەسـتی بە گرێبەستی بانەوانی وبەم جۆرە حسێب دەكرێ:.

أ- یەكـەم( ٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) پـەنجا ملیـۆن دینـار لـە نرخـی خـەملێنراوی خانووبـەرە كـە یـا بەدەڵەكـەی دەبـوردرێ وئـەم گوژمـە پارەیـە بەسـەر هاوبەشـەكاندا بـە پێـی پشكەكانیان دابەش كرێ ئەگەر خانووبەرەكە بە موڵك كرابێ لە ڕووی كۆبەشییەوە.

ب-ئەوەی لە بڕە پارە لێبوردراوەكە پتر بێ كە لە بڕگەی ( یەكـەم /١ ) لـەم بەندەدا هـاتووە ، بەم ڕێژەیە باجەكە دەیگرێتەوە:.

١- ( ٣٪ ) تاكو ( ٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) پەنجا ملیۆن دینار.

٢- ( ٤٪ ) ئەوەی لـە ( ٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) پـــــەنجا ملیـۆن دینـار زیـاتر بـێ تـاكو ( ١٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) سەد ملیۆن دینار.

٣- ( ٥٪ ) ئەوەی لە ( ١٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) ســـــەد ملیۆن دینار زیاتر بێ تا دەگاتە ( ١٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) سەد و پەنجا ملیۆن دینار.

٤- ( ٦٪ ) ئەوەی لە ( ١٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ) سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتربێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢- ئەگەر گواستنەوەی موڵكداری خانووبەرەكە لەسەر چەند پشكێك لەخانووبەرەكە بوو، ئەوا باجەكە بە پێی حوكمەكانی ئەم ياسەيە لەسەر هەموو خانووبەرەكە حسێب دەكرێ و بەپێی پشكەكانی كە گوازراونەتەوە بۆگشت خانووبەرەكە وەردەگيرێ.
٣- نابێ مۆڵەتی ئەو مامەڵانەی دەكەونە بەر حوكمەكانی ئەم ياسايە لە ڕێكارەكانی پشكنين و گەڕان بەدوای سەرپێچی يەكانی باج كە بەر لە جێ بەجێ كردنی ئەم ياسايە ئەنجامدراوە هەڵپەسێردرێ.
٤- حوكمەكانی ئەم ياسايە بەدەر لەو لێبوردرانەی كە لە بڕگە ( يەكەم/١ )دا هاتوون پيادە دەكرێن بەسەر گواستنەوەی موڵكايەتی خانووبەرە يان ماف دەسكاری كردنی كەپێش ئەم ياسايە تەواوبووە و باجەكان يان فەرقی خەمڵێنراوەكەی كە كەوتۆتەسەريان نەدراوە.

**ماددەی سێيەم:**

**يەكەم:** مادده (١) لە ياسای باجی دەرامەتی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** مادده (١) لە بڕياری ژمارە (٢١٩)ی ساڵی ٢٠٠١ هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێ ی دەگرێتەوە.

ئەو كەسەی نيشتەجێ يە ئەم لێبوردنانەی خوارەوەی پێ دەدرێ لە هەر ساڵێكی تەقديری و لەسەربنەڕەتی بارەكەی لەساڵی دەرماتەكەی دا.

١-( ٢ ٥٠٠ ٠٠٠ ) دوو مليۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عيراقی بۆ ئەو كەسەی موكەلەفە بە ژياندنی خێزان و ئەگەر ئافرەتی شوو نەكردوو بوو ( بێوەژن و تەلاقدراو نەبوو ياخود ئەگەر دەرامەتەكەی لەگەڵ دەرامەتی مێردی تێكەڵ نە كردبوو ).

٢-( ٢ ٥٠٠ ٠٠٠ ) دوو مليۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عيراقی بۆ ژنەكانی يا ئەگەر ژنی ماڵەوە بێ و هيچ دەرامەتێكی نەبێ يان دەرامەتەكەی تێكەڵ بە دەرامەتی هاوسەرەكەی كرابێ.

٣-( ٣٠٠ ٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دیناری عيراقی بۆ هەريەك لە منداڵەكانيان بە چاوپۆشين لە ژمارەكانيان.

٤-( ٣ ٢٠٠ ٠٠٠ ) سێ مليۆن و دووسەد هەزار دیناری عيراقی بۆ خودی بێوەژن يا تەلاقدراوو( ٣٠٠ ٠٠٠ )سێ سەد هەزار دیناری عيراقی بۆ هەريەكە لە منداڵەكانيان كە لە ژێر چاودێری ئەون بەشێوەيەكی ياسايی بە چاوپۆشين لە ژمارەيان.

٥-ئەوەی موكەلەفە بە ژياندن لێبوردەيەكی ديكەی پێدەدرێ كە بڕەكەی ( ٥٠٠ ٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دیناری عيراقيە، ئەگەر تەمەنی لە شەست وسێ ساڵ تێپەڕی بێ لەگەڵ ئەو لێبوردەييانەی كە لە بەشەكانی ديكەدا لەم ماددەيەدا هاتوون.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: مادده(٢) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێتەوە.**

**دووەم:ماددەی(٣)لە بڕیاری ژمارە(٢١٩)ی ساڵی ٢٠٠١ هەڵدەوەشێتەوە.**

**سێیەم: بڕگەکانی ( ٧،٦ )لە بڕیاری ژمارە (٢٩٤)ی ساڵی ١٩٩٩ هەڵدەوەشێنەوە.**

**چوارەم: کارکردن بە بڕگە(٢) لە مادده(١٣)لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لەجێ دادەنرێ:**

**باجی دەرامەت دەخرێتە سەر موکەللەف لە بڕی هەر ساڵێکی تەقدیری بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:**

**١-دەرامەتی تاکی نیشتەجێ دوای پێدانی ئەم لێبوردە یاساییانەی خوارەوە:**

**أ-( ٣٪ ) تا دەگاتە دوو ملیۆن دینار.**

**ب-( ٥٪ )بۆ ئەوەی لە دوو ملیۆن دینار پترە تا دەگاتە ( ٤ )چوار ملیۆن دینار.**

**ج-( ١٠٪ ) بۆ ئەوەی لە ( ٤ ) چوار ملیۆن دینار پترە تا دەگاتە ( ٦ ) شەش ملیۆن دینار.**

**د-( ١٥٪ ) بۆ ئەوەی لە (٦) شەش ملیۆن دینار پترە.**

**٢-دەرامەتی کەسی نا نیشتەجێ هەمان ڕێژەکانی نیشتەجێ یە، بێ ئەوەی ئەو لێبوردنەو یاسایانە بیگرێتەوە.**

**٣-باج بە ڕێژەیەکی چەسپاو کە بڕەکەی ( ١٥٪ )یە دەخرێتە سەر قازانجی هەموو کۆمپانیا کاراکان لە هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیا تاك و سادەکانیشەوە.**

**٤-باج بە ڕێژەی ( ٥٪ ) لەسەر ئەوەندەی لە ( ٧٠٠ ٠٠٠ ) حەوت سەد هەزار دینار زیاترە لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەردەگیرێ بۆ هەموو پلەکانی فەرمانبەریەتی و کەرتی تایبەتی تۆمارکراو بە فەرمی و خاوەن پایەو پلە فەرمانبەری یە تایبەتیەکان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: بڕیارەکانی ژمارە(١٩٢)ی ساڵی ١٩٩٦و ژمارە(٣٢)ی ساڵی ١٩٩٧و (٦٥،٨٣،١١٢،٤٢١٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ هەڵدەوەشێنەوە.**

**دووەم: بڕگەیەك دەخرێتە سەر مادده (٢)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عیراق و دەبێتە بڕگە(٧) بۆی.**

**٧- کارگەکانی دروستکردنی ئالیك.**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**سێیەم: دوو بڕگە بەزنجیرەی (٢٨،٢٧) دەخرێنە سەر مادده (٧) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان و بەم جۆرەی خوارەوە:.**

www.mojkurdistan.com

٢٧- ئۆتۆمبێلی تاکسی (٥) نەفەری و پاسەکانی گواستنەوەی بچووك و گەورەی نەفەران لە ناو شار و لە نێوان شارەکاندا.

٢٨- تراکتۆر و دەڕاسەی کشتوکاڵی و ئۆتۆمبێلی بار هەڵگری بچووك (پیکەپ دەبڵ) یەك تەنی.

**چوارەم:** کارکردن بە یاسای باجی جێماوەکان (الترکات) ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٨٥ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستاندا ڕادەگیرێ و میراتگرانی ئەو مردووەی کە لە ماوەی هەڵپەساردنی یاساکە بە بڕیاری ژمارە (٣٢) لە( ١٩٩٧/١١/٨ ) باجیان هاتۆتە سەر لە باجی جێماوەکان (الترکات) دەبووردرێن و هۆبەکانی باجی جێماوەکانیش لە فەرمانگەکانی باج لە هەرێم دادەخرێن.

**ماددەی شەشەم:**

بڕگەی (٢) لە ماددە (٢٧)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو هەمواردەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

( پێویستە لەسەر هەر کەسێکی تۆمارکرابێ یا تۆمار نەکرابێ و دەرامەتێکی هەبێ کە باج بیگرێتەوە، راپۆرتێك پێشکەش بکات لە بارەی دەرامەتەکەی خۆی بەر لە رۆژی یەکەمی تەمووز لە ساڵی تەقدیری ئەگەر داوای لێ نەکرا بە ئاگادار کردنەوەی نووسراو یان هۆیەك لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشی بکا.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیری دارایی ئابووری لە هەرێم دا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی دەیەم:**

ئـەم ياسـايه لـه رۆژی( ٢٠٠٨/١/١ )ی تەقـديری يـەوه جێبـەجێ دەكـرێ و لـه ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقايعی كوردستان) بلاّودەكرێتەوه.

**مـەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

<u>**هەولێر**</u>
٢٤/گەلاّرێزان/ ٢٧٠٧ كوردی
١٥/تشرينی دووه م / ٢٠٠٧ زايينی
٥ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ كۆچی

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**(هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی)**

بە مەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاری ئابووری تایبەت بە وەبەرهێنان و ئابووری بازاڕ و هاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بە شێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و بۆ سووککردنی بارگرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتییان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـــاوی گـــەلـــەوە
## بــــڕیـــــار
**ژمارە ( ٣٤ ) ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی**
**ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٤) لە ٢٢ /٢٠٠٧/١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

# یـــاسای ژمـــارە( ٢٧ )ی ساڵی ٢٠٠٧
# یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی
# ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکـــراو

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی سێیەم لە ماددەی پێنجەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:.

٣– ئامادەکردنی بەرنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەیی و فێرکردنی گەوران و هۆیەکانی و کتێبی خوێندن، لەگەڵ ئامادەکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان بۆیان ، تاکو سیاسەتی پەروەردەیی و پلانەکانی بەدی بهێنرێن و پەرە بە هەموو ئەوانە بدات بە پشت بەستن بە باسی زانستی و لێکۆڵینەوەکان.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دووەم:**

ماددەی شەشەم لە یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:.

**یەکەم:** فێرکردنی گشتی بۆ تازە پێگەیشتووان لە دوو قۆناغی سەرەکی رێك دەخرێ کە ئەمانەن:

١- قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و ماوەی خوێندنەکەی نۆ ساڵە.

٢- قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی و ماوەی خوێندنەکەی سێ ساڵە.

**دووەم:** باخچەکانی ساوایان: پێش قۆناغی فێرکردنی بنەرەتی دەکەوێ و رێ خۆشکەریەتی.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە قوتابخانە بۆ فێرکردنی بنەڕەتی ماوە کورت تر دابمەزرێنێ بۆ ئەوانەی لە تەمەنی فێرکردنن و لە چوونە بەرخوێندن لەو قۆناغە ( تەمەنی١٠-١٨ ) ساڵی دواکەوتوون و دەشێ قوتابخانەکە بەشێك لە قۆناغی فێرکردنەکە بگرێتەوە بە رەچاوکردنی تەمەنی تازە پێگەیشتووەکان و باری ژینگە و پێویستییەکانی ئابووریی فێرکرنەکە.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی هەشتەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:.

**یەکەم :** فێرکردنی بنەڕەتی گشتی و یەکگرتووە بۆ هەمووان و منداڵ ومێردمنداڵان وا لێ دەکات کە ئامرازی زانیاریی بنەڕەتی وبنچینەکانی رۆشنبیریی وەرگرن و ئارەزوو و توانایان دەربخەن.

**دووەم:** خوێندنی ئامادەیی گشتی و هەمە جۆرە، ماوەی فراوانبوونی ڕۆشنبیریی و پێشکەوتن پێ بە پێ دەدات بۆ وەدەست هێنانی پسپۆڕی زیاتر لە بوارەکانی زانیاری و مەشق کردن لەسەر پیادەکردنیان تاکو بشێن بۆ ژیانی زانستی و بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی باڵا لەگەڵ گرنگی دانی تایبەتی بە بەهرەداران.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی دەیەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:.

**یەکەم:** فێرکردن لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بە خۆراییە لە قوتابخانە فەرمیەکان دا ، هەروەها لە پەیمانگاو مەڵبەندە فەرمییەکانی کە لە ماددەی دوازدەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم: فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە بۆ ئەوکەسانەی کە لەسەرەتای ساڵی خوێندن یان لە سی و یەکی مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵە شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەکەن.

**ماددەی شەشەم:**

هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی پازدەمی یاساکە هەمواردەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:.

١- مەرجە ئەو کەسەی بۆ فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان دادەمەزرێ بە شێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی ئامادەکرابێ و وا پەسندیشە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، بە تایبەتیش دەرچووانی کولێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی.

٢- مەرجە ئەو کەسەی بۆ دەرس گوتنەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکان دادەمەزرێ، لە یەکێك لە کۆلێجەکان دەرچووبێ، پسپۆڕبێ لە یەکێك لە مەیدانەکانی خوێندنی ئامادەیی و بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی ئامادە کرابێ و دەرچووی کۆلێجەکانی پەروەردە پەسندترە.

**ماددەی حەوتەم:**

هەردوو بڕگەی شەشەم و هەشتەم لە ماددەی بیست و یەکەمدا لە یاساکە هەمواردەکرێن و بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:.

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددە نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولێر**
١٩/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ كوردی
١٠/كانوونی یەكەم / ٢٠٠٧ زایینی
٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ كۆچی

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـــاوی گـــەلـــەوە
## بـــــڕیـــــــار
## ژمارە ( ٣٥ ) ساڵی ٢٠٠٧

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی ( فیدراڵی )**
**ژمارە( ٢١ )ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٣١ /١٠/٢٠٠٧ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ٢٨ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی)
## ژمارە(٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

یاسای کۆمپانیاکانی عیراقی ژمارە(٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ و کار بە حوکمەکانی دەکرێ تاکو یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێم دا دەردەچوێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتەکان ولایەنە فەرمیەکان لە هەرێمدا جێ ی دەستەڵاتەکان و لایەنە فەرمیە فیدراڵییەکان دەگرنەوە لەهەر شوێنێك ناویان لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧دا هاتبێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

ئەو رێکارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بڕیاریان لەسەر داوە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە ئوسووڵی و بەرکار دادەنرێن.

**ماددەی چوارەم:**

هەردوو وەزیرانی دارایی و ئابووری و وەزیری بازرگانی بۆیان هەیە رێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونی یەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**

١٩/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ کوردی
١٠/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی
٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ کۆچی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**- هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -**

لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا و لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمان کارکردنی بەو یاسایانە قەدەغە کردووە کە پاش کێشانەوەی ((ئیدارات)) لە ١٩٩١/١٠/٢٣ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوون، مەگەر دوای شەرعییەت پێدان بەکار پێکردنی بۆ لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە و، لەبەر پێویستی هەرێم بە یاسای ناوبراو تا کاتی دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٣٦ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای جێبەجێ كردنی یاسای ڕێكخستنی بریكارنامەی بازرگانی( فیدراڵی ) ژمارە ( ٥١ ) ی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٨) لە ٣١ /٢٠٠٧/١٠ بڕیارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە ( ٢٩ ) ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای جێبەجێ كردنی یاسای ڕێكخستنی بریكارنامەی بازرگانی (فیدراڵی) ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

یاسای ڕێكخستنی بریكارنامەی بازرگانی عیراقی ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەرێمی كوردستاندا جێبەجێ دەكرێ و كار بە حوكمەكانی دەكرێت تاكو یاسایەكی تایبەت بە ڕێكخستنی بریكارنامە ی بازرگانی لە هەرێمدا دەردەچوێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتەكان و لایەنە فەرمیەكان لە هەرێمدا جێی دەستەڵاتەكان و لایەنە فەرمی یە فیدراڵی یەكان دەگرنەوە لەهەر شوێنێك ناویان لە یاسای ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٠دا هاتبێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم:**

ئەو ڕێکارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بڕیاریان لەسەر دراوە، بە ئوسوولی و بەرکار دادەنرێن.

**ماددەی چوارەم:**

هەردوو وەزیرانی دارایی و ئابووری و وەزیری بازرگانی بۆیان هەیە ڕێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

<u>**هەولێر**</u>

١٩/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ کوردی

١٠/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی

٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ کۆچی

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## - هۆيه پێويستييەكانی دەرچوونی ئەم ياسايه -

لەبەر نەبوونی ياسايەكی تايبەت بە ڕێكخستنی بريكارنامەی بازرگانی لە هەرێمی كوردستاندا و لەبەر ئەوەی بڕياری ژمارە(١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمان كاركردنی بەو ياسايانە قەدەغە كردووە كە پاش كێشانەوەی ((ئيدارات)) لە ١٩٩١/١٠/٢٣ لەلايەن دەسەڵاتی ناوەندييەوە دەرچوون، مەگەر دوای شەرعييەت پێدان بەكار پێكردنی بێ لە هەرێم لەلايەن پەرلەمانەوە و، لەبەر پێويستی هەرێم بە ياسای ناوبراو تا كاتی دەرچواندنی ياسايەكی تايبەت بە رێكخستنی بريكارنامەی بازرگانی لە هەرێم، ئەم ياسايه دەرچووێندرا.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بـــەنـــاوی گـــەلـــەوە**
**بـــــڕیـــــــار**
**ژمارە ( ٣٧ ) ساڵی ٢٠٠٧**

**یـــــاســــای پـــشكنینی بۆمــــــاوەیی خـــوێن**
**(كـــــەم خوێنی دەریــــــای ســـپی نـــاوەڕاســـت ـ تەلاســـیمـیا ـ) پێش هاوسەرگیریی**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ســــاڵی ٢٠٠٥ ی هەمــــواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٧/١١/٥ بریارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە(٣٠ )ی ساڵی ٢٠٠٧**
**یاسای پشكنینی بۆماوەیی خوێن**
**( كەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ ) پێش هاوسەرگیریی**

**مـاددەی یەكەم:**

پشكنینی تەواوی شێوەی خوێن پێش ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیریی دەكرێ و لەكاتی گومان پەیداكردن لە بوونی نەخۆشی كەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ((تەلاسیمیا)) كە لە رێگەی بۆماوەییەوە دەگوازرێتەوە ئەوسا پشكنینی خوێنی تایبەت بەو نەخۆشیە دەكرێ.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**مـاددەی دووەم:**

بنكـەی تەندروسـتی تایبـەت بـە لێكۆڵینـەوەی ئەنجامـەكانی پـشكنینی تاقیگـەیی هەڵدەسـتێ و لەبارێكی كە دەركەوت ئەوانەی داوای بەستنی هاوسەرگیرییان كردووە تووشی ئەو نەخۆشیە بوون. ئەوا راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەكە و ڕێـژەی (واتـە ژمارەی منداڵـەكان) كـەوا چاوەڕوان دەكرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیری یە تووشی ئەم نەخۆشـی یـە بن ،ئـەنجامی بۆماوەیی سەلبـی ئەو هاوسەرگیرییە پێشكەش بە هەردووكیان وبەو لایەنە دەكرێت كە داوای پشكنینەكەی كردووە و ئەمەش بۆ مەبەستی هوشیاركردنەوە و رێنمایی كردن دەبێت.

**مـاددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر دادگاكان هیچ گرێبەستێكی هاوسەرگیریی جێبەجێ نەكەن تاكو راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی دووەم لەم یاسایەدا پێشكەش نەكەن و لە بارێكدا كە راپۆرتەكە نەخۆشیەكەی دەسنیشان كردبوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەكەی لە داواكارانی هاوسەر گیرییەكە بگەیەندرێ.

**مـاددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیری تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**مـاددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**مـاددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) دا جێ بەجێ دەكرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولێر**
١٩/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ كوردی
١٠/كانوونی یەكەم / ٢٠٠٧ زایینی
٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ كۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەوەی کــە نەخــۆشی (تەلاسیمیا) زیـــانی مـــاددی وتەندروستی دەروونی بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەیەنیٚ وباری سەرشانی دەوڵەت بە کارو بە خەرجی دارایی گران دەکات و لە پێناوی کۆنترۆڵ کردنی ئەم نەخۆشی یە و بۆ دانانی رادەیەك لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بۆ نەوەکانی دا هاتوو و لە پێناوی هوشیار کردنەوە و رێنمایی داواکارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سەلبیەکانی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەونەوە و لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەکی هوشیار و ساغی دوور لە نەخۆشی یە بۆماوەیی یەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـاوی گـەلـەوە
## بـــڕیــــــار
## ژمـــارە ( ٣٩ ) ســـاڵی ٢٠٠٧

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی مۆڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە( ٩٠ )ی ساڵی ١٩٧٥

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ١٩ /٢٠٠٧/١١ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ٣٢ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێبەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی مۆڵکایەتی کشتوکاڵی لە کوردستان ـ عێراق ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: هەموو زەویەکی کە تەسویەی تەواو نەبووبێ یا بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێ، ئەوا بە ئەمیری سرف دادەنرێ و ئەم زەویانەی خوارەوەیان لێ بەدەردەکرێ.

ئـــەرشـیـفـی ڕۆژنـامـەی وەقـایـعـی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١-ئەو زەوييە كشتوكاڵی و باخانەی كە موڵكی سرفن بەپێی سەنەدی تاپۆ كە ياسا بە ڕەوای بزانێ.

٢-ئەو زەوی و باخانەی كە بەتەواوی وەقف كراون بەپێی سەنەدی تاپۆ يان بەڵگەيەكی وەقفی كە ياسا بە ڕەوای بزانێ.

٣-ئەو زەويانەی بە درەخت چاندراون بۆ ماوەيەك لە (١٠)دەساڵ كەمتر نەبێ وتێكڕای ژمارەی درەختەكانی لە دۆنمێكدا لە(٤٠) چل درەخت كەمتر نەبێ.

٤-ئەو زەوی و باخانەی كە بڕياری ژمارە(٧٠٢)ی ساڵی ١٩٧٣ی ئەنجومەنی سەركردايەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەيانگرێتەوە.

دووەم: هەر كەسێكی گوتی مافی بەكارهێنانی زەوييەكی ئەميری كشتوكاڵيم لەو ناوچانەدا هەيە كە تەسويە نەكرابێ ياخود تەسويەكەی تەواو نەبووبێ، ياخود بڕيارەكانی چەسپاندنی مافی زەوييەكەی بەپێی ياسای چاكسازيی كشتوكاڵی ژمارە(١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ نەگەيشتبوونە پلەی قەتعی، يان ئەوانەی بڕياری تەسويەكەيان هەڵوەشاوەتەوەو ئيسپات بوو بەپێی مامەڵەی كشتوكاڵی پێش جێبەجێ كردنی ياسای چاكسازيی كشتوكاڵيی ناوبراو بەكاری هێناوە، ئەوا ئەو ڕووبەرەی كە بەكاری هێناوە بەناوی دەوڵەت تۆماردەكرێ و مافی بەكارهێنان دەدرێت بە بەكارهێنەرەكە بە مەرجێك لەو ڕادەيە دەرنەچێت كە لە ماددەی دووەمی ياسای ژمارە(٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥دا هاتووە. بەبێ دەسكاری كردنی ئەو مافانەی كە چەسپێنراون بەپێی بڕگەكانی (١، ٢، ٣، ٤)ی بڕگەی يەكەمی ئەم ماددەيەدا هاتوون.

سێيەم: وەزارەتی شارەوانی لێكۆڵينەوەيەكی گشتی ئامادە و پێشكەش دەكات بۆ بەيان كردن و دەستنيشان كردنی ئەو زەويانەی دەكەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شارەوانييانەی كە حوكمەكانی ئەم ياسا دەيانگرێتەوە لە ماوەيەكدا كە لە شەش مانگ زياتر نەبێ لە ڕۆژی جێبەجێ كردنيەوە و پڕۆژەی ياسايەك بە چۆنيەتی قەرەبوو كردنەوەی خاوەنەكانيان بەپێی ياسا كارپێكراوەكان پێشكەش بكات.

**ماددەی دووەم:**

كار بە هيچ دەقێكی ياسايی يا بڕيارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە ناكۆك بێ.

**ماددەی سێيەم:**

هەردوو وەزيرانی كشتوكاڵ و شارەوانی بۆيان هەيە ڕێنمايی پێويست دەربچوێنن هەر يەكە بەپێی تايبەتمەنديی خۆی بۆ ئاسان كردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم ياسايە.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**

٢٢/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ کوردی
١٣/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی
